سەید حەکیم: تورکیا وڵاتێکی گرنگە لە سیستەمی هەرێمی و ئیسلامی و رۆڵی بۆ کەمکردنەوەی پەرەسەندن پێویستە

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەولەت ل□ □ نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز ئەنیل بروا ئینان باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا کرد و لەم دیدارە باس لە پەیوەندی دوو قۆلی نێوان هەردوو ولات و شێوەی ئەکتیڤکردنی ڕێکەوتنە هاوبەشکان کرا کە خزمەتی هەردوو وڵاتی دۆست و دراوسێ دەکات.
سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە تورکیا گرنگە لە سیستەمی هەرێمی و ئیسلامی و داوای کرد پەرەسەندن لە ناوچەکە کەمبکر□□ت□وە بۆ ئەوەی هێوری و سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە، تا ولاتانی ناوچەکە سوود لە خیرو بێری خۆیان وەربگرن.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە دەبێت د□و□□□تی عێراقی بەردەوام بێت لە چارەسەرکردنی کێشەی چەکی دەرەوەی د□و□□□ت و ڕوونی کردەوە کە کۆتایی هاتنی ئەرکی هاوپەیمانان بەڵگەیەکە لەسەر چاکبوونەوەی عێراق و گوتیشی پێویستە ئەو پرسە هەموو جۆرە چەکەکان بگرێتەوە کە وەسفی چەکی لێ دەکرێت.
لەکۆتاییدا سەید حەکیم گرنگی ڕێگای گەشەپێدانی باسکرد و جەختی کردەوە لەسەر قۆستنەوەی وەبەرهێنان و هەلەکان کە پەیوەندی هاوبەشی نێوان هەردوو ولات پتەوتر دەکات و بەرژەوەندی ئابووریش قووڵتر دەکات.